
# داڵغەکانی ئیدان ئامێدی و ژانری کۆمەڵایەتی

نووسینی ئازاد کەریمی




وێنە: یوتیوب

ئەو هەفتەی تر بوو لە کوردیپیدیای بەڕێزدا بابەتێکم لە سەر "گۆرانی عێبری" بڵاو کردەوە.

ئەم یازدە گۆرانیە ئیسرائیلی یە خۆم بە کوردیم کردن و بڵاوم کردەوە و پێشوازی گەرم و بەجۆشی لێوە کرا هەر لە یەک دو کاتژمێری سەرەتای بڵاوبوونەوەیدا.

لەم بابەتەدا سێ سترانی بەڕێز "ئیدان ئامێدی" هونەرمەندی ئیسرائیلیم بڵاو کردەوە.

تێکستی گۆرانیەکانم پێ جوان و بەهێز بوو لە بواری چوارچێوەی داڕشتن لە فۆڕم و ناوەرۆکی هونەری و وێژەییەوە .

تێکستەکانی ئیدان ئامێدی ،ئەوانەی وا خۆی نووسیون و ئەوانەی وا لە هەڵبەستوانانی دیکەی وەر گرتوون تێمی کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەوەش زۆر گرنگە. هەڵبەستەکانی ئامێدی" باس کردن" ی تێدایە. گێڕانەوەی خوت و خاڵی نین یان وشەی یەکی بە یەکی نین وا لەبەر ڕێتم یان لەبەر پڕکردنەوەی دێڕی نۆتەکان گوترابێتن یان وەک گۆرانیە فۆلکلۆریکەکان هەر دووبارە بوونەوەی یەک ڕیتم نین و مۆنۆتۆن نین.

من لە پێشەکی بابەتەکەدا نەمویست باسی ئەم شتانەی یەک بە یەکی ئەو حەوت هونەرمەندە بکەم وا یازدە گۆرانیی ئەوانم کرد بە کوردی لە زاراوەی سۆرانی و لە ژێر ناوی" گۆرانیەکانی سێ نەوەی موزیکی عێبری" بڵاوم کردەوە وا لە سەرەوە باسم کرد.

لە بەر ئەوەی من فەوکوسم کردبووە سەر دەقی گۆرانیەکان بە کوردی و نەمویست باسی ژیانی تاکەکەسی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە بکەم بۆ وێنە: ئیدان ئامێدی بە ڕەگ و ڕیشە کوردە و دایک و باوکی ئازیزیان خەڵکی ئامێدی لای بادینانن لە کوردستان. یان ڕیتا جەهان ئەفروز خەڵکی تارانە و لە تەمەنی هەشت ساڵانیدا لەگەڵ ماڵەباوانیدا باریان کردووە بۆ ئیسرائیل یان بەڕێز یێهودا پۆلیکێر خەڵکی یونان ە و دواتر هاتووە بۆ ئیسرائیل و...

بەدەر لەو شتانە من کە سەرنجم داوەتە گۆرانیەکانی ئیدان ئامێدی هەروەک ووتم تێمی کۆمەڵایەتییان هەیە و زۆربەیان لە ژانری ڕاک دا پێرفۆرم یان پێشکەش کراون.

ئەم ئێوارە، هەوا خۆش بوو لێرە و باران نەباری. منیش چەن کاتژمێر پیاسەم کرد بە ناو سروشتی ئەم دەڤەرەدا. لە شوێنێکدا لەپڕ ئەم گۆرانیە هات بە مێشکمدا. بە خۆمم ووت ئەگەر بگەمە ماڵەوە ئەبێ گوێ لەو گۆرانیە بگرم. وام کرد و دواتر ووتم با چەند دێری لە سەر بنووسم و وەک یاداشتی ڕۆژانە بڵاوی بکەمەوە.

ئەوەتا ئەو چەند دێرەم نووسی و ئێستا ئێوە خەریکن ئەیخوێننەوە. هیوادارم پێتان جوان بێ. لە کۆتایی گۆرانیەکەی بەڕێز ئامێدی دا کۆپلەیەک لە ڕیتمێکی کوردی هەیە ...

هیوادارم ئیدان ئامێدی بەڕێز سەرکەوتوو بێ و بەرهەمی جوانتر بڵاو بکاتەوە.

ئێوەش سەرکەوتوو بن.

https://www.youtube.com/watch?v=NO1gM2QJqZA

**تێبینی: ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی قەڵەمدا پێشتر بڵاو کراوەتە بەم لینکەی ژێرەوە:**

https://www.qelam.com/index.php?option=com_content&view=article&id=4235%3Adaghhkany-yydan-yamdy&catid=83&Itemid=290&fbclid=IwY2xjawEU4SNleHRuA2FlbQIxMA

ABHXJeQpA0n0abNwmuCJzVbHMFcIHuEkk_RTcc_y7P-7ShMA-QBJ5xUT5MLg_aem_FceFtx4llkO5SykA7lOZtg